# خوێندنەوەیەک بۆ پێگەی ژن لە قورئاندا
# (توێژینەوەیەکی شیکاری کۆمەڵناسییە)

**شیرین صالح محمد**
توێژەری کۆمەڵایەتی، ماستەر لە کاری کۆمەڵایەتی

**پوختەی توێژینەوەکە**

ژن مرۆڤێکی ژیرو خاوەن هەڵوێســـت و بیروهۆشـــی تایبەت بە خۆیەتی، بە گوێرەی لێهاتوویی و توانا جەســـتەیی و مەعنەوییەکانی، کە خودا پێی بەخشـــیوەو بە پشـــت بەســـتن بەو بارودۆخ و کاتەی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی لە کاروباری کۆمەڵگەدا بەشـــداری دەکات، بەهۆکاری ئەوەی بە درێژایی مرۆڤ لە شـــارســـتانییەتە دێرینەکانی مرۆڤایەتیدا ڕێز لە تواناو لێهاتووییەکانی نەگیراوەو گرنگی بە بوونی نەدراوەو هەمیشـــە وەک شـــتێکی کەم بایەخ ســـەیرکراوە، لەبەرئەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کێشـــەو بابەتەکانی پەیوەســـت بە ژنان بوەتە یەکێک لە بابەتە ســـەرەکییەکان بۆ توێژینەوەو گفتوگۆکردن، لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی پێگەی ژن لە قورئاندا وەک یەکەم ســـەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیســـلام، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش میتۆدی هەڵهێنجان (الاستنباطي) و هەڵسەنگاندن (الاستقرائي) بەکارهێنراوە، لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە بۆمان دەردەکەوێت پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیســـلام بارودۆخی ئافرەتان بەگشـــتی و لە نیوە دورگەی عەرەبیشـــدا بەتایبەتی لەوپەڕی خراپیدا بوە، تا ئەو ڕادەیەی لەدایکبوونی منداڵی کچ نەنگی بوەو پێی بێزار و شـــەرمەزار بوون و هەندێکجار دەیانکوشـــتن، بەڵام بەهاتنی ئاینی پیرۆزی ئیســـلام بارودۆخ و ژیانی ئافرەتان گۆڕاو ڕێزو شـــکۆوو گەورەیی بۆ ئافرەتان گێڕایەوە، چونکە قورئان، کە یەکەم ســەرچاوەی ئاینی ئیسـلامە ڕێزێکی زۆری بۆ ئافرەت داناوەو هاوتاو هاوشـانی پیاو باسـی دەکات و لە هیچ یەکێک لە ئەرک و فەرمایشـت و سـزاکاندا پیاوو ئافرەتی جیانەکردۆتەوەو بەڵکو هەندێکجار بەپێی بارودۆخی ئافرەت لە پەرســـتشـــەکاندا ئاســـانکاری بۆ کراوە، جیا لە مانە فەرمانی کردوە بەباشـــی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان بکرێت و هەر توندوتیژی و سوکایەتییەکی بەرامبەریان ڕەتکردۆتەوە.

**الملخص البحث**

تعتبر المرأة إنسـانة ذي العقلية و معرفة و وحي خاص بها، بحسـب خبراتها و قدراتها الجسـدية و المعنوية، التي وهبها إياها الله، تشترك المرأة بأعمال و نشاطات المجتمع بالاعتماد على ظروف المجتمع الذي توجد فيه. فقد كان يستهان بقدرات و خبرات المرأة منذ الحضارات الانسانية التأريخية القديمة. لذلک فأن المواضع والمناقشات التي تتعلق بالمرأة يعتبر في الامور لموجهة في البحوث، من هذا المنحى يهدف البحث الحالي الى معرفة مكانة المرأة في القرآن الكريم كأول المصـــدر في الدين الاســـلامي الحنيف، لغاية تحقيق هذا الهدف تم الاعتماد على المنهج الاستباطي والاستقرائي، وتم التوصـل الى إنه قبل مجئ الدين الاسلامي الحنيف كان وضـع المرأة وضـعا يرى اليه في شبه الجزيرة العربية بصـورة خاصـة. حتى إنه كانوا يعدون ولادة طفله انثى امرا معيبا و إثما وفي بعض الاحيان كانوا يقومون بوأد الطفلة المولودة حديثا. لكن بمجئ الدين الاسلامي المبارک تغير وضـع المرأة و تغير وضـعية عيشـها و رجع لها قدرها و شـأنها، لأن القرآن الكريم كمصـدر أول للدين الاسلامي يقوم بإحترام المرأة بصـورة كبيرة، و يذكرها في النصـوص القرآنية المباركة بالمساواة مع ذكر الرجل، ولم يفرق بينهما في الواجبات والضـوابط والعقوبات، بل إنه في بعض الاحيان و بحسـب ظروف المرأة فقد قدم لها التســهيلات، مع كل ما ذكر، فقد أمر بحســن التعامل مع المرأة و رفض كل اشكال العنف والاستخفاف بها.

**پێشەکی:**

ئاشـــکراو دیارە کۆمەڵگە لە تاکە کەس پێکهاتوە و دابەشـــبوون بەســـەر هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)دا، کە هەر یەکێکیان سروشت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جیاوازن لە یەکتری، کۆی زانستەکانیش بەتایبەتی زانستە مرۆییەکان بۆ تێگەیشتنیان لە مرۆڤەکان چەندین توێژینەوەیان لەسـەر ژیان و سـروشـت و کەسـایەتی تاکەکان ئەنجامداوە، لێرەوە پرسـی ژن لە جیهاندا بوەتە پرســـێکی گەورەو هەســـتیار و وایکردووە بەدرێژایی مێژوو ژن یەکێک بێت لە بابەتە گرنگەکان بۆ توێژینەوەو توێژەران و

چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ژنان کاری لەسەر بکەن، لەلایەکەوە لە ڕووی گرنگی و بونی ژنان لە کۆمەڵگەدا و بەشداربیەکانیان لە کایە جیاوازەکانی ژیان و دامەزراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، لەلایەکی دیکەوە لەڕووی سروشت و کەسایەتی و تواناو لێهاتوییەکانیانەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا باسکردن لە پێگەو ڕۆڵی ژن لە کۆی کایەکانی کۆمەڵگەدا گرنگی زۆری پێدەدرێت و زۆر تیشکی دەخرێتە سەرو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەجۆرێک هەر کەسێک لە ڕۆشنبیران و شارەزایان لە ڕوانگەی پسپۆڕی و شارەزایی خۆیانەوە لە بابەتی ژنان دەدوێن، هەموو ئەم هەوڵانەش لە پێناو ئەوەدایە ڕۆڵ و پێگەی شایستە بە ژنان بدرێت و گرنگی بە تواناو بەهرەو لێهاتوییەکانیان بدرێت، لێرەوە دەتوانین تێبینی چەندین بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز بە دۆسیەی ژنان و ماف و ئەرک و ڕۆڵ و پێگەیان لە کۆمەڵگەدا بکەین.

لەلایەکی دیکەشەوە پرسی ژن لە ئاینە زەمینی و ئاسمانییەکانیشدا گرنگی پێدراوە، ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش کە کۆتا ئاینی ئاسمانییە گرنگییەکی زۆری بە ئافرەت و بابەتە پەیوەستەکان بە ژیانی ئافرەتەوە داوە، قورئانی پیرۆزیش، کە بەیەکەمین سەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دادەنرێت گرنگی تەواوی بە کۆی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەکان داوەو بەڕوونی ڕۆڵ و پێگەو ئەرک و مافی هەریەکێک لە ڕەگەزەکانی (نێر و مێ)ی ڕوون کردۆتەوە، شارەزایان و پسپۆڕان و توێژەرانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام جەخت لەوە دەکەنەوە، کە گشت ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی بۆ هەریەکێک لە ڕەگەزی (نێر و مێ) دیاریکراوە بەتەواوی لەسەر بنەمای سروشت و تواناو لێهاتوویی هەر یەکێک لەو ڕەگەزانە دیاریکراوە، چونکە قورئانی پیرۆز دانراوی خودای گەورەیە، کە دروستکارو بەدیهێنەری نەک مرۆڤەکان بەڵکو تەواوی زەوی و ئاسمانەکانە، بەمەش خودای گەورە لە هەر کەس و زانایەک شارەزاترو زاناترە بە مرۆڤەکان و تواناو لێهاتوییەکانیان.

لەبەرئەوە بۆ تێگەیشتنمان لە پێگەی ژنان لە قورئاندا هەوڵماندا ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین، کە بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، کە دابەشبووە بۆ دوو باسی سەرەکی، لە باسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە کێشەو گرنگی و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکەو لە باسی دووەمیشدا توێژینەوەکانی پێشوو خراونەتە ڕوو، بەشی دووەمیش چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت، کە دابەش بووە بەسەر دوو باسدا، لە باسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر گەورەیی قورئان و پیگەی ژن لە مێژوو لە قورئانی پیرۆزدا، باسی دوەمیش تایبەتە بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەو پێشنیارو ڕاسپاردەکان.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

بێگومان ئاشکراو دیارە بنچینەی ژیان و بەردەوامی کۆمەڵگەکان پەیوەستە بە مرۆڤەکانەوە، یەکێکیش لە پایە گرنگەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەردەوامی ژیان تێیدا ژنە، کە بە درێژایی مێژوو هاوشانی پیاوان لە خزمەتکردن و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا بەشداربووە، ئەویش بەو جیاوازییە سروشتی و ئەرکە جیاوازەی لە ئەستۆیدا بووە، چونکە شتێکی حاشا هەڵنەگرە مرۆڤەکان بێ هاوکاری و پشتیوانی یەکتری ناتوانن ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانەی بۆ پێشخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەسەر شانیانە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەو بۆتە هۆکاری ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ژن و ئەرک و ڕۆڵەکەی لە کۆمەڵگەدا ببێتە جێگەی باس و گفتوگۆی لەسەر بکرێت ئەوەیە، کە زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن لە سەدەکانی ڕابردوودا گرنگییەکی تەواو بە ژن و ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکانی بەرامبەر کۆمەڵگە نەدراوە، بەڵکو لە زۆرێک لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بە کەم سەیرکراون و هەمیشە پشتگوێ خراون و بە بێ تواناو نەشارەزا دانراون، تەنانەت زۆرجار لەدایک بوونی منداڵی کچ جێگەی نەنگ و شەرمەزاری خێزان بووە، لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیشدا بەهەمان شێوە مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ ژناندا کراوە، تەنانەت بەجۆرێک بووە کە منداڵە کچەکانیان بە زیندوویی زیندەبەچاڵ کردوە بۆئەوەی خۆیان لەو شەرمەزارییەی توشیان بووە پاک بکەنەوە، هەر ئەمانەش بووەتە هۆی ئەوەی پرسی ژن لە کۆی کۆمەڵگەکاندا ببێتە پرسێکی تایبەت و زیاتر گفتوگۆو توێژینەوەی لەسەر بکرێت، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە ئاینە زەمینی و ئاسمانییەکانیشدا پرسی ژن و پێگەو ڕۆڵ و ئەرکی ژن لە کۆمەڵگەدا گرنگی پێدراوەو باسکراوە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش وەکو کۆتا ئاینی ئاسمانی گرنگییەکی تەواوی بە بابەتی ژنان و ماف و ئەرکەکانیان داوە، زۆرێک لە مێژوو نوسان جەخت لەوە دەکەنەوە بارودۆخی ژنان پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە نیوەدورگەی عەرەبیدا لەوپەڕی خراپی و ناخۆشیدا بووە، بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام تەواوی ئەو زوڵم و ستەمانەی لە ژنان دەکرا ڕەتکردەوەو بەتەواوی جەختی لەوە کردەوە ژنیش وەک پیاو مرۆڤەو پێویستە ڕێزی لێبگیرێت و هیچ کەسێک بۆی نییە ژیانێک کە خودا پێی داوە لێی بستێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی جەختی لە گرنگی و ڕۆڵی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا کردەوە، هەموو ئەمانەش بە ئاشکرا لە کۆتا کتێبی

ئاسمانی و یەکەم سەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا باسکراوە. لەبەرئەوە بۆ تێگەیشتن لە هەر بابەتێک لە ئیسلامدا باشترین سەرچاوە قورئانە، کە پەنای بۆ بەرین و لەوێوە زانیاری لەسەر ئەو بابەتە وەربگرین، هەر لەبەرئەم هۆکارەش کاتێک دەمانەوێت باس لە ژن و پێگەکەی بکەین لە ئیسلامدا دروستترین ڕێگەو کار ئەوەیە بڕوانینە قورئان و بەجوانی لێی وردبینەوە تا بزانین چۆن باسی ژن دەکات، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە میانەی توێژینەوەکەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، لە قورئاندا چۆن باسی ژن کراوە؟ ئەو بوارو لایەنانەی ژیانی ژنان کامانەن کە قورئان گرنگی پێداوە؟ پێگەی ژن لە قورئاندا چۆنەو چۆن باس لە گرنگی ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەتان کراوە لە قورئاندا؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

ئەنجامدانی توێژینەوە لە هەر بابەت و بوارێکدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە توێژینەوەکان هۆکارن بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان و گەیشتن بە ئەنجامی دروست. گرنگی توێژینەوەکە لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت، چونکە تیشک دەخاتە سەر (قورئانی پیرۆز) کە یەکەمین سەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەو پیرۆزترین کتێبی ئاسمانییەو تا ئێستا و دوای ١٤٤٥ ساڵ وەک خۆی و بێ هیچ گۆڕانکارییەک ماوەتەوەو خوای گەورە خۆی بەڵێنی پارێزگاریکردنی داوەو دەفەرموێت (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) (الحجر: ٩) واتە (بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندوەو هەر ئێمەش پارێزگاری دەکەین*)، لێرەوە دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا باس بکەین:

١. دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی، کە باس لە گرنگی و پێگەی ژن دەکات لە قورئاندا، کە کۆتا کتێبی پیرۆزی ئاسمانییەو یەکەم سەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە.

٢. دەبێتە سەرچاوەیەکی کوردی بۆ ڕونکردنەوەی پێگەی ژن لە قورئاندا لە ڕوانگەی ئایەتەکانی قورئانئ پیرۆزەوە.

٣. دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە خستنەڕووی گرنگی و پێگەی ژنە لە قورئانی پیرۆزدا.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە**

مەبەست لە میتۆدی توێژینەوە ئەو ڕێگە بابەتییانەیە، کە توێژەر دەیگرێتە بەر لە توێژینەوەی دیاردەیەک، یاخود گرفتێک، یان بابەتێکی دیاریکراو، بە ئامانجی دیاریکردن و شیکردنەوەی دیاردە یان بابەتەکە (المسعودي والخضيري، ١٩٩٢: ٤٢)، یان میتۆد یەکێکە لەو ڕێگەو شێوازە زانستییانەی توێژەر بۆ ڕێکخستنی بیروبۆچوونەکانی لە توێژینەوەکەداو گەیشتن بە ئەنجام و ڕاستییەکی گونجاو لەبارەی دیاردەکە یاخود بابەتی توێژینەوەکەی پشتی پێدەبەستێت (عليان و غنيم، ٢٠٠٤، ٣٣)، واتە میتۆدەکان چوارچێوەی تێگەیشتن لە ڕاستییەکان دیاری دەکەن. لەم توێژینەوەیەشدا بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی هەڵێنجان (الإستنباطي) و هەڵسەنگاندن (الإستقرائي) بەکارهاتووە، کە بنەماکەی بریتییە لە بیرکردنەوەو تێڕامانی خودی توێژەر، میتۆدی هەڵێنجان بریتییە لەو میتۆدەی ئەو مەعریفەیە ڕوون دەکاتەوە، کە پێشتر هەبووە، ئەوەش شیدەکاتەوە کەدەیزانین(شوانی، ٢٠١٥: ١٢١) یاخود دەرککردنی بابەبتێکە لەناو بابەتێکی تردا، تێگەیشتنە لەبابەتێک بەهێزی تێگەیشتن و هەوڵی خود، میتۆدی هەڵسەنگاندنیش مانای پشکنین و بەدوادا گەڕان و بەدواداچوونی بابەتێک دەگەیەنێت، واتە بینینی دیاردەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاری دەربارەیان بەمەبەستی گەیشتن بە گشتاندنێك (خۆشناو، ٢٠٠٣: ١٠).

**باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

١/ ماستەرنامەی (خالد عبدالسلام محمد ماكاري) (٢٠١٦) بەناونیشانی (مكانة المرأة في الإسلام و دورها في نشر السنة النبوية المطهرة) لە زانکۆی مولانا مالک إبراهيم الإسلامية لە مالانج ئەنجامدراوە: گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانینی ڕاونگە لێکچوو جیاوازییەکانی نێوان پێگەی زانستی ژنان لە ئیسلامدا و پێگەیان لە شارستانییەتەکانی تری ڕۆژئاوادا، هەروەها زانینی ڕۆڵی ژنان لە بڵاوکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەر لە سێ سەدەی یەکەمدا و ئەو کێشەو گرفتانەی ڕووبەڕوی ژنان دەبێتەوە لە بڵاوکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەردا. توێژەر بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی لە زۆر ڕووەوە جیاوازی هەیە لە نێوان بنچینەکانی ئیسلام و شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە مەسەلەی پێگەو ڕۆڵی ژناندا، بەڵام توێژەر جەختی کردۆتە سەر گرنگترین بوارەکان ئەوانیش پێگەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سۆزدارییە، لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ئاینی ئیسلام لە کۆی ئەو بارودۆخانەدا ڕەچاوی پێگەی ژنانی کردوە، بەڵام لە شارستانیەتی ڕۆژئاوادا ئەم ڕەچاوکردنە بەدی ناکرێت و بوونی نییە، بەڵکو ڕۆژئاواییەکان دەستیانکرد بە شێواندنی ئایینە

* بۆ شیکردنەوەی ئایەتەکان لە کۆی توێژینەوەکەدا سوود لە چاپی نۆزدەهەمی تەفسیری ئاسان، لە تەفسیرکردنی بورهان موحەمەد ئەمین وەرگیراوە، کە لەساڵی ٢٠٠٩ چاپکراوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئاسمانییەکان و گۆڕینی دەقەکانی بە یاسا دانراوەکانی مرۆڤایەتی تا لەگەڵ واقیع و سروشتی مرۆڤایەتیدا بگونجێت، بەڵام ئاینی ئیسلام بە دەقی یەکلاکەرەوەو جێگیرو نەگۆڕ ڕێزی لە پێگەی ئافرەت گرتوەو ئافرەتان ڕۆڵێکی دیاریان هەبوە لە بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا.

٢/ توێژینەوەی (الدكتور: نادر خاطر) بە ناونیشـانی (المرأة وحقوقها في الإسـلام) لە ژمارە (٧)ی سـاڵی (٢٠١٩) گۆڤاری (المجلة العربية للنشـر العلمي) بڵاوکراوەتەوە: ئامانجی توێژینەوەکە تێگەیشـتنی ڕەفتاری دینی ئیسـلامە بەرامبەر ژنان، میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی وەســفییە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش توێژەر ســوودی لە دانیشــتنەکانی (محمد العبيدان) وەرگرتووە بەناونیشانی (مافەکانی ژن لە ئیسلامدا)، کە ڕێکخراوی (الحوار الثقافي في رفع مستوى الوعي الثقافي والعمق المعرفي في دعم الكتاب والمفكرين) ڕێکیخسـتوون، هەروەها فۆرمی ڕاپرســی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوە زانیاری لە مەیداندا، لە کاتێکدا دەقە نوســراوەکان ئاماژە بەوە دەدەن ژمارەیەک ســیفاتی گرنگی هاوبەش لە نێوان نێرو مێدا هەیە، وەک ڕێزگرتن و کارکردن و خوێندن و ڕێکخستنی خێزان و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، توێژەریش لە میانی توێژینەوەکەیدا گەیشـتۆتە ئەو ئەنجامەی ئاینی ئیســلام بە دادپەروەری پشــتگیری ژنان دەکات و ڕێز لە ژنان دەگرێت و هانیان دەدات بۆ خوێندن و کارکردن، لەگەڵ ئەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە جیاوازی جەستەیی و سۆزداری هەیە لە نێوان ژن و پیاودا، کە بەهۆی سروشتی هەریەکێکیانەوە دروست بووە، بەڵام لە هەموو بارودۆخەکاندا ئیسلام باشترین سیستەمە بۆ پشتگیریکردنی ژنان.

٣/ ماســتەر نامەی (فاطمة ملا مراد) بەناونیشــانی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شــاری هەولێر) لە ســاڵی (٢٠٠٩) لە زانکۆی ســەلاحەدین ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی پێگەی ژنە لە هەریەکێك لە گەڕەکە هەژارو مام ناوەندو دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر و دەرخستنی جیاوازی پێگەی ژن بەپێی گۆڕاوەکانی پیشەو ئاستی خوێندن، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و بەشـداریکردنی ژنان لە کاری سـیاسـی و خوێندن و بەدەسـتهێنانی بڕوانامە بە پێگەی ژنان لە خێزندا، میتۆدی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا بریتییە لە میتۆدی مێژوویی و بەراوردکاری و ڕوپێوی کۆمەڵایەتی، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش توێژەر (تێبینی و چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرســی) بەکارهێناوە، لە گرنگترین ئەنجامە بەدەســتهاتووەکانی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی پێگەی ژن لە گەڕەک و چینە دەوڵەمەندەکاندا بەرزترە وەک لە گەڕەک و چینە مام ناوەندو هەژار نشــینەکاندا، هەروەها بەپێی جۆری پیشــەو پلەی خوێندەواری جیاوازی هەیە لە پێگەی ژن لای تاکەکانی کۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا پێگەی ژن بەهۆی کارکردن و چوونە دەرەوەی لە ماڵەوە گۆڕاوەو بەهۆی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەشەوە پێگەی ژن بەرزتر بۆتەوە، بەڵام بەشداری ژنان لە کاری سیاسیدا تا ئێستاش لاوازە.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: شیکردنەوەی پێگەی ژن لە قورئاندا**

**یەکەم: پێناسەو گەورەیی قورئان**

قورئانی پیرۆز ئەو کتێبە ئاسمانیەیە، کە لە بەرزترین بەرزاییەکانەوە دابەزیوەو کۆی یاسا خواییەکان و کامڵترین پەیامەکان لەخۆ دەگرێت و بەڕاســتترین شــێوە هەواڵەکانی تایبەت بە غەیب ڕادەگەیەنێت، تاکە کتێبێکە هەریەک لە (ڕاســتی نەگۆڕی شتەکان) و (بنچینەی ماهیەتی نەگۆڕی شتەکان)ی پێکەوە کۆکردۆتەوەو فەرمان بە دادپەروەری و ئازادی ڕاستەقینەو یەکسانی هاوســەنگ و خێرو فەزیلەت و میهرەبانییەک دەکات، کە تەنانەت ئاژەڵانیش دەگرێتەوە، بە ئاشـکرا نەهی لە سـتەم و شـیرک و ناحەقی و نەزانی و بەرتیل و ســوو درۆ و خراپەکاری دەکات، ئەو کتێبەیە، کە هەتیوو هەژارو ســتەم لێکراو دەپارێزێت و پادشـاو کۆیلەو سـەرکردەو سـەرۆک و شـکاتلێکراو لە تەنیشت یەکەوە دادەنێت و دادگاییان دەکات، گوفتاری زاتێکی وەهایە، کە دوێنێ و ئەمڕۆو سـبەی پێکەوە دەبینێت و دەزانێت چی ڕوو دەدات (گولەن، ٢٠٢٠، ٩- ١٩). واتە قورئانی پیرۆز گوفتارو فەرمایشت و فەرمودەی پیرۆزی پەروەردگارە بەو سیفەتەی بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکان و پەروەردگاری هەموو بونەوەران و جیهانەکان و پادشــاو دەســەڵاتداری هەمەلایەنەو مەزنە، تۆماری ڕێزلێنانی خواوەندی میهرەبانە، کە لەو بەرزییە فراوانەوە هەڵقوڵاوەو هەموو شــتێکی گرتۆتەوە، کۆمەڵە نـامەیەکی پەروەردگـارییـانەی ئەوتۆیە، کە خودایەتی خودا ڕوون دەکەنەوە، ئەو کتێبە ئاسمانییە پیرۆزەیە، کە دانایی لێدەبارێت، بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی کتێبەکانی گشت ئەو پێغەمبەرانەی سـەردەمەکانیان لەیەکتر جیاوازە لەخۆگرتوە، ناوەڕۆکەکەشـی ڕێنماییەکی پاک و بێگەردە، کە مەبەسـت و ئامانجی بەختەوەری هەمیشەییە بۆ مرۆڤایەتی (نوورسی، ٢٠١٦، ٩ - ١٠).

لێرەوە دەگەینە ئەوەی قورئان پیرۆزترین و بەبەهاترین کتێبی سەر زەوییەوە، ئەم پیرۆزی و گەورەییەشی لە هاتنەخوارەوەی بۆ سـەر زەوی دەسـت پێدەکات، کە تاکە کتێبی نێردراوی خودایە تا ئێستا دەسـتکاری نەکراوەو، لە ناوچەیەکی پیرۆز، کە ماڵی

خودای لێیە و لە کاتێکی پیرۆز، کە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە هاتۆتە خوارەوە، واتە پیرۆزی و گەورەیی شوێن و کاتی دابەزینی تێدا کۆبۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی قورئان موعجیزەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر محمد (ص) دەگەیەنێت، چونکە هەر پێغەمبەرێک کە هاتووە موعجیزەیەکی هەبووە تا بەڵگە بێت لەسەر پێغەمبەرایەتی ئەو پێغەمبەرەو خەڵکی سەردەمەکەی خۆی باوەڕی پێ بکەن، بەڵام لەگەڵ وەفاتی پێغەمبەرەکە موعجیزەکەش کۆتایی هاتوەو نەماوەو خەلکی دیکە جگە لەوانەی لەو سەردەمەدا ژیاون نەیان بینیوە، بەڵام موعجیزەی پێغەمبەر محمد (ص) کە قورئانە تا ئێستاش ماوەو بە تەواوتر بە ئێمە گەیشتوە ، خوای گەورەش لە سورەتی (الفرقان: ١) دا دەفەرمویت (تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا ) واتە (بەرزو پیرۆزو پاک و بڵندە ئەو زاتەی قورئانی دابەزاندوە بۆ سەر بەندەی خۆی تا ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست و هۆشیارکەرەوەو بێدارکەرەوەی دانیشتوانی جیهان لە هەموو سەردەمێکدا) (الأثري، ١٤١٦هـ، ٣٦، ٤٢).

کەواتە دەگەینە ئەوەی قورئانی پیرۆز بەرنامەی پەروەردگارە بۆ ژیانی مرۆڤەکان و لە هەموو ڕویەکەوە موعجیزەیە، لە ڕووی دەربڕین و ڕێکخستنەوە (نە شیعرە نە پەخشانە) بەڵکو شێوازێکی تایبەتە لە زمانی عەرەبیدا، کە داڕشتنێکی ناوازەو ڕێکخستنێکی بێ وێنەی هەیە، کە تەنانەت زمانناسان و ڕەوانبێژانی عەرەبیش پێی نەگەیشتونەتەوەو دەستەوەستان بوون بەرامبەری (سەعدون، ٢٠١٥، ٢١٦)، چونکە زمانی قورئانی پیرۆز زمانێکی جیاوازە لەم زمانەی ئێمە پێی دەنوسین یان قسەی پێدەکەین، زمانی قورئان لۆژیکێکی توندوتۆڵ و ڕێکوپێکە، هیچ هەڵەو کەم و کوڕی و زیادەیەکی تێدا نییە، پەڕاوێکی ناوازەو کاراو هەمیشە زیندووە، لە ڕەوانبێژیدا تاقانەو لە ڕوونکردنەوەدا لە چڵەپۆپەدایە، لە شێوازی داڕشتندا هیچ پەڕاوێکی تر پێی نەگەیشتوە، لە دەستەواژەی کورت و پوختەوە دەمانبات بەرەو وردەکاری و درێژەپێدان (محمود، ٢٠١٩، ٩)، بەکورتی و پوختی قورئان سەرتاپا ڕێک و پێکی و تۆکمەیی و جوانییە، نەک هەموو وشەیەکی بەڵکو هەموو پیتێکی لەجێی خۆیدایە و زمانی جیهانی غەیبە لە جیهانی بینراودا، گوفتارێکی ئیلاهی نەفسی و لەفزییەو لەماوەی بیست و سێ ساڵداو بە قۆناغی دیاریکراوو لەڕێگەی وەحییەوە بۆ پێغەمبەرمان دابەزیوەو بە تەواتور بە ئێمە گەیشتوەو سەرەڕای نەبوونی چاپخانەو نوسینەوەی بەدەست و لە وڵاتانی جیاجیا شێوازە ئەسڵییەکەی لە موصحەفە یەکەمینەکاندا چۆن بووە ئێستاش هەروایە، واتە قورئان لە ئەزەلەوە هاتوەو بۆ ئەبەد دەڕوات و جگە لە قورئان هیچ کتێبێکی تر خاوەنی ئەم سیفەتە جیاکەرەوەیە نییە (گولەن، ٢٠٢٠، ١٩- ٢٠). هەر لەبەرئەوەشە خوای گەورەیە تەحەددای تێکڕای مرۆڤ و جنۆکەکانی پیکردوە هەتا ڕۆژی دوایی، کە ئەگەر دەتوانن وێنەی ئەم قورئانە یان کورتترین سورەت لێی بهێنن، بەڵام ئەوەی ئاشکراو دیارە تا ئێستا دەستەوەستان ماون و هەرواش دەبن، وەک خوای گەورە دەفەرموێت (إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ) (البقرة، ٢٣) واتە (جا ئەگەر ئێوە لە دوو دڵیدان و گومانتان لەم قورئانە پیرۆزە هەیە، کە دامانبەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵبدەن سورەتێکی وەک ئەو بێنن)، هەروەها لە سورەتی (الإسراء، ٨٨)دا دەفەرموێت ( قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا) واتە (ئەی محمد پێیان بڵێ سوێند بەخوا ئەگەر هەموو ئادەمیزادو پەرییەکان کۆببنەوەو هەوڵی بەردەوام بدەن تا قورئانێکی وەکو ئەمە دابنێن و بهێننە مەیدان ناتوانن کاری وا بکەن ئەگەرچی هەموو لایەکیان ببنە پشتگیرو یارمەتیدەری یەکتر)، جیا لەمانەش قورئان زانیاری مێژوویی تێدایە کە پێشتر باس نەکراوەو هەواڵی بە ڕوداوی داهاتوو داوەو بە هەمان شێوە ڕوویداوە، کە قورئان باسی کردوە، لەگەڵ ئەوەی زانیاری گەردونی و پزیشکی تێدایە کە تا ئێستا ڕاستییەکەی دەردەکەوێت، هەموو ئەمانە بەڵگەن قورئان وتەی خوای گەورەیەو هیچ مرۆڤێک دەستی تێیدا نییە، نە پێغەمبەر (ص) و نە کەسی تریش(سورچی، ٢٠١٣، ١٤)

لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە قورئان زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوپێش لە ناوچەیەکی نیمچە دابڕاوی نیوە دورگەی عەرەب لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواردا بۆ سەر پیاوێکی نەخوێندەوار دابەزیوە، بەڵام تا ئەم ساتە وەختە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و ڕاڤەو تەفسیری بۆ دەکرێت و بەردەوام ئەحکامی شەرعی و یاسایی و ئەخلاقی لێدەردەهێنرێت، کەچی هێشتا هەر زیندوەو نوێیەو لە کۆی بوارەکانی زانست و ژیاندا بەخشینی بەردەوامە، ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە گەورەییەکانی قورئانی پیرۆز (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٦٩- ٣٧٣).

**دووەم: ڕۆڵ و پێگەی ژن لە مێژوودا**

چەمکی پێگە بریتییە لەو شوێنەی (ئاستەی) تاک یان خێزان یان گروپ لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بەرامبەر ئاست و شوێنی ئەوانی دیکە دەیگرێت، ئەمەش ئەرک و ماف و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکات، کە سیستمێکی پلە بەندی هەیە و ئەگەر بە قوچەکێک بچوێنرێت پێگە بەرزەکان دەکەونە لوتکەکەی و پێگە ناوەندەکانیش دەکەونە ناوەڕاستەوە (ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ١٢٦) واتە پێگە کۆمەڵێک ماف و ئەرک دەگرێتەوە، کە دەربڕی شوێنگەی کەسێکە لە بەرامبەر کەسانی دیکەدا، کە بۆ وەسفکردنی ئاستی ئیعتباری کۆمەڵایەتی کەسێک بەکاردەهێنرێت، لە کۆمەڵناسیشدا پێگە بۆ شوێنگەی کەسێک لە کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێت (موحسنی، ٢٠٠٦، ٢٤٥).

کەواتە بۆ زانینی پێگەی ژن بەدرێژایی مێژوو، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کاروانی پێگەیشتنی مرۆڤ، لەوێدا بۆمان دەردەکەوێت مرۆڤ بە بەشێک لە ئاژەڵە گواندارەکان دادەنرێت و لەزۆر بواری سروشتییەوە شوێنکەوتەی ئەو جۆرە هەڵکەوتەیەیە، کە سروشت بەسەریدا سەپاندوە، بۆ نموونە لە هەموو ئاژەڵەکاندا نێرینەکان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، کە پێویستیان بەهێزی زیاترە، لە بەرامبەردا مێینەکان هێمنترن و ئەکارانە ئەنجام دەدەن، کە پێویستیان بە ئارامگری و سۆزی زیاترە، ئەم جیاوازییە سروشتییەی نێوان نێرو مێ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیشدا بە ئاشکرا دەرکەوت و بەدەستهێنانی بژیوی ژیان هۆکاری یەکەم و سەرەکی بوو بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤدا، کە زۆر بەخێرایی جیاوازی نێوان پیاوو ئافرەتی نەک هەر دروست کرد بەڵکو بەدیاری خست و بوە هۆی ئەوەی ئافرەت ڕۆڵی پلە دوو ببینێت و ببێت بە پاشکۆ (قادر، ٢٠٠٩، ١٠- ١١). (دی بۆڤوار)[1]یش دەڵێت جەستەو ئاکارە بایۆلۆژییەکانی ژن هۆکار بووە بۆئەوەی ئافرەت ببێتە پلە دوو، بەتایبەتی توانای منداڵبوون، وایکردوە ئەرکی ئەو لە مانەوەی ژیان و پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤدا گەورەتربێت لە پیاو، لێرەوە ژن خەریکی دوبارەکردنەوەی ژیان بووە، لە کاتێکدا پیاو سەرقاڵی ناسین و سەرکەوتن بووە بەسەر شتەکانی دەوروبەریدا، لەم دابەشکردنە تایبەتەی کاردا واتە ژن منداڵی ببێت و ژیان بپارێزێت، پیاویش جیهان کەشف بکات، پیاو سەردەکەوێت لەوەی جیهان بەوشێوەیە دابمەزرێنێت، کە خۆی دەیەوێت و ئەو وێنایەش بە ئێستاو ئاییندە بدات، کە لەگەڵ خەیاڵی خۆی بگونجێت (قانع، ٢٠٠٦، ١٦٢). لەبەرئەوە دەبینین لە سەدەکانی ڕابردوو شارستانییەتە دێرینەکاندا ژن گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە لە کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە لە شارستانییەتی یۆناندا ژن هیچ پێگەو بەهایەکی نەبووەو لە زۆر شت بێبەری بوون، بۆیان نەبووە بە تەنیا جلوبەرگ بکڕن، یان بچنە شوێنە گشتییەکان و دادگاکان، چونکە ئەو شوێنانە بۆ پیاوان تەرخان کرابوون، ئەو ژنانەشی لەلایەن پیاوێکەوە بۆ هاوسەرگیری هەڵدەبژێردران لەبەر بەهاو کەسایەتییە واقعییەکەیان نەبووە، بەڵکو بۆ منداڵ خستنەوەو پاراستنی سەروەت و سامان و بەڕێوەبردنی ماڵ بووە (ئۆکێن، ٢٠٠٨، ٩)، باوک گەورەو خاوەنی خێزان بووە، بۆ دانەوەی قەرز یان سوود وەرگرتنێکی ماددی مافی فرۆشتنی منداڵەکانی هەبووە. لە ڕووی مافە سیاسییەکانیشەوە ژنان هیچ مافێکیان نەبووە، هەروەک لە ڕووی یاساشەوە لە پیاو بە کەمتر دانراوون و بۆیان نەبووە ئیشی دەرەوە بەڕێوە ببەن یان شایەتی بدەن یان ببنە لایەنێکی پەیوەستنامەیەکی یاسایی. لە ئەسپارتەش لە دوای لەدایک بونیان کچان لە ماڵەوە دەهێڵرانەوە، بەڵام لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا دەبوون و دەبوو بەشداری یارییە وەرزشییە قورسەکانیان بکردایە وەک زۆرانبازی و ڕاکێشانی گوریس و قورسایی، تا لەم ڕێگەیەوە بونیەیەکی بەهێزیان بۆ دروست بوایە و بیانتوانیایە نەوەی دروست بخەنەوە، چونکە ڕێگە بە کچانی نەخۆش یان خاوەن پێداویستی تایبەت و لاواز نەدەدرا هاوسەرگیری بکەن تا نەوەی نەخۆش یان لاواز نەخەنەوە (مەجید، ٢٠٠٧، ١٠٤- ١٠٦). لە شارستانییەتی (بلاد الرافدین)دا، لای (سۆمەرییەکان) کچان وەکو کوڕان مافیان هەبوو بخوێنن، ژن مافی هەبوو کاری بازرگانی بکات، هاوسەرگیری وەک بازرگانی و میرات یاسای تایبەتی هەبوو، پیاو چەند دەسەڵاتی بەسەر منداڵەکانیدا هەبوو ژنیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەگەر ژن منداڵی نەبوایە پیاو بۆی هەبوو وازی لێبهێنێت، هەروەها دەیتوانی ژنەکەی بفرۆشێت یان لەباتی قەرز بیدا بە داواکار، ئەگەر ژنێک زینای بکردایە دەکوژرا بەڵام ئەم سزایە بۆ پیاو نەبوو، لای (بابلیەکان)یش باوکی کچ بڕێک پارەی لەبەرامبەر هاوسەرگیری کچەکەی وەدەگرت وەک ئەوەی بیفرۆشێت، ئەگەر پیاو بیویستایە لە ژنەکەی جیابێتەوە هیچ سزایەکی نەبوو، بەڵام کاتێک ژن بیویستایە لە هاوسەرەکەی جیابێتەوە دەبوو لە ئاودا بیخنکێنن، ئەگەر ژن لەکاتی هاوسەرگیری خەڵاتی[2] لەگەڵ خۆی نەبردایە وەک کەنیزە سەیر دەکرا، هەروەک تەنیا لە باوکیانەوە میراتیان وەردەگرت، چونکە بەپێی یاسا میراتی هاوسەرەکەی دەدرا بە منداڵەکان، ئەگەر کەسێک کچێکی بکوشتایە وازیان لە بکوژەکە دەهێناو کچی بکوژەکەیان دەکوشتەوە، بەڵام مافیان هەبوو کاربکەن و لەو داهاتەی بەدەستی دەهێنن سوود وەربگرن، لای (ئاشورییەکان)یش یاسای کۆمەڵایەتی زۆر جیاوازی نەبوو لە بابلییەکان بەڵام پێگەی کۆمەڵایەتی ژن زۆر هێنرایە خوارەوەو زۆر مافی لێسەندرایەوە. هەموو ئەم یاسایانەی سۆمەری و بابلی و ئاشورییەکان تەنیا بۆ ئازادەکان بوو، دەنا چینی کۆیلەکان لە ڕیزی ئاژەڵدا دانرابوون بە ژن و پیاوەوە (تەیفور، ٢٠٠٠، ٢٥- ٣١).

لە ڕۆمانی کۆنیش، کە سێ چینی سەربەست و بێگانەو جارییە (کۆیلە) هەبوو، ژنی سەربەست بۆی نەبوو بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بگرێتە ئەستۆ، پێویست بوو لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا بێت تەنانەت ئەگەر لە تەمەنی کامڵبونی ئەقڵیشدا بووبن، ژن دەبوو بچێتە سەر بیروڕای مێردەکەی و لەزۆر یاساو حکومەکاندا وەک پیاو نەبوو، لە بچوکترین هەڵەدا سزاکەیان کوشتن بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کچان دەیانتوانی هەمان ئەو خوێندنە وەربگرن کە کوڕان وەریان دەگرت، هەروەها ژنی ڕۆمانی زۆر چاونەترس بوون و حەزیان لە ململانێ و یاخیبون بوەو ڕێگەیان نەداوە هەڵەیان بەرامبەر بکرێت. ژنە بێگانەکانیش لە

---

1 دی بۆڤوار فەیلەسوف و ڕۆشنبیرو نوسەرێکی فەرەنسییە، چالاکوانێکی بواری سیاسەت و مافەکانی ژنان بوو، لە ساڵی ١٩٠٨ لە پاریس لەدایک بووەو لەساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردوە.

2 خەڵاتی بەو کەل و پەلانە دەوترێت کە کچ لە ماڵی باوکیەوە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ماڵی هاوسەرەکەی.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ڕۆمانی كۆندا نە لەلایەن هاوڵاتیانەوە نە لەلایەن دەوڵەتەوە هیچ مافێكیان نەبووە، ژنە كۆیلە (جارییەكان)یش چونكە لە ئەنجامی شـەڕەوە دەسـتگیركرابوون بۆیە وەك ئاژەڵێك ڕەفتاریان لەگەڵدا دەكرا و موڵكیەتی تایبەتی گەورەكەی بوو، نەیاندەتوانی ژیانی هاوسەری دروست بكەن (مەجید، ٢٠٠٧، ١٠٧- ١١٠).

هەروەها بارودۆخی ژن لای زۆربەی گەلان پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسـلام زۆر خراپ و شـەرمهێن بوو، بە مرۆڤێكی بێ ڕۆح هەژمار دەكران و بڕوایان وابوو سـەرچاوەی شـەڕو خراپەو گوناهە. لای دینی (مانو)ی هیندییەكان ژن تەنیا خزمەتكاری باوكی و مێردەكەیەتی و ئەگەر مێردەكەی مرد بەزیندویی ئەویش دەسـوتێنن و لەگەڵ مێردەكەیدا دەینێژن، لای یەهودو نەسـاراش ژن بنچینەی شـەڕانگێزی و سـەرچاوەی ئازارو هەڵەو گوناهە بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی لە كاتی بێنوێژیدایە. بەهەمان شێوە لای عەرەبەكانیش لە سەردەمی جاهیلیەتدا ژن وەك شتێكی بێ مانا سەیر دەكراو لە میرات بێبەشیان دەكردن و وەك كاڵا دەیان هێنان بۆ بازاڕەكان و تەنانەت بە زیندویی دەیانكوشتن (ـــــ، ٢٠١٣، ٥-٦)، بەڵام دەتوانین تێبینی ئەوە بكەین ئاینی ئیسلام گۆڕانكاری گەورەی دەربارەی پێگەی ژن لە كۆمەڵگەدا ئەنجامدا، بەهاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆیەكەمجار ژن لە مێژوودا بەڕوونی مافە كۆمەڵایەتی و ئیداری و داراییەكانی دانران، كوشتن و كۆیلەیی لەسەر هەڵگیرا، ڕێژەیەكی دیاریكراو لە میرات و مافە داراییەكانی بۆ دیاریكرا، مافی شـووكردن و بە مەرجی دیاریكراویش مافی جیابوونەوەی پێدرا، بوارێكی فراوانی كاركردنی بۆ كرایەوە، ڕێگای پێدرا بە شـێوازی گونجاو لەنزیك پیاوەوە بێت و لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكاندا هاوكاری بكات، ئاینی ئیسلام بۆ یەكەمجار بە كردەیی كاری بۆ جێبەجێكردنی مافەكانی ژن كرد (قادر، ٢٠٠٩، ٢٣). هەموو ئەمانەش لە قورئانی پیرۆزدا، كە یەكەم سەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە بەڕوونی باسكراوە.

**سێیەم: پێگەی ژن لە قورئاندا:**

وەك لە پێشەوە بۆمان دەركەوت ژن لە سەدەكانی ڕابردوو شارستانیەتە دێرینییەكانی مرۆڤایەتیدا هیچ پلەو پێگەیەكی ئینسانی و كۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهاتنی شكۆو ڕێزو گەورەیی بۆ ژن گەڕاندەوە، قەدەغەی هەر توندوتیژی و بێڕێزیكردنێكی بە ژن كرد، وەك ڕاسـتكردنەوەیەكی دادپەروەرانە بۆ دۆخی ژنـان لە كۆمەڵگەدا هـات، چونكە بنەمـای جیاكردنەوەی ژن و پیاوی لە بەهای مرۆییدا لەناوبرد، بەجۆرێك لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە قورئان ئافرەت و پیاوی لە یەك پلەو ئاسـتدا داناوە، هیچ یەكێكیان بنەمای مرۆڤایەتی لەوی دیكەیان زیاتر نییە، هیچیان ڕێزو فەزڵی بەسـەر ئەویتریانەوە نییە، تەنها هەندێك فەزڵ هەیە لە پێكهاتەی یەكێكیان بەسەر ئەوی تریاندا، ئەوەش شتێكی خۆڕسكەو لەژێر كۆنترۆڵی خۆیاندا نییە، واتە بەدەسـت خۆیـان نییە (الرباتي، ٢٠٠٩، ١٠٥)، ئەمەش بەهۆكـاری ئەوەی خوای پەروەردگـار دادپەروەری داناوە بۆئەوەی ڕێڕەوی ڕاسـتی ژیان بەڕێكی بڕوات و بەرزو نزمی تێنەكەوێت، بەشـێوەیەك ئەم دادپەروەریەی داناوە، كە لەگەڵ سـروشـتی مرۆڤدا بگونجێت، چونكە شارەزایە بە سروشت و ویستەكانی مرۆڤ و ئەوەی باش و چاكە ئەوەی داناوە بۆ پیادەكردنی لەلایەن مرۆڤەوە (نەبراوی، ٢٠١٥، ٢١). لێرەدا بە ڕوانینمان بۆ بابەت و تیۆرەكانی كۆمەڵناسی پێگەی ژن لە قورئاندا باس دەكەین:

**_ پێكهاتەی كۆمەڵگە:** لە زانستی كۆمەڵناسیدا كۆمەڵگەكان بە گشـتگیرترین و ئاڵۆزترین جۆری پێكهاتەی كۆمەڵایەتی لە دنیای ئەمڕۆدا لە قەڵەم دەدرێن، جەوهەری سەرەكی كۆمەڵگەش بریتییە لە مرۆڤ، كە لە ناو گشتێكی ئاڵۆزی چالاكی بەیەكەوە گرێدراون و خاوەنی میكانیزمێكی بەیەكەوە گونجاوە، دەشـێت كۆمەڵگە بریتی بێت لە هۆزێكی بچووك یان وڵاتێكی گەورەی سـەدان ملیۆن دانیشـتوانی، كە بەردەوامی هەیەو لە ناوچەیەكی تایبەتدا دەژین و لە هەردوو ڕەگەزو هەموو تەمەنەكان پێكدێن (محسـنی، ٢٠٠٢، ٨٤) واتە كۆمەڵگە گرووپێكی بەبڵاوو بەردەوامە، لە ژن و پیاوو منداڵ پێكهاتووە بە مەبەسـتی دابینكردنی پێداویسـتییە ماددی و نامادییەكانی خۆیان كۆدەبنەوەو ژیانی هاوبەش پێكدەهێنن (وسـووقی، نیك خولق، ٢٠١٣، ٨١)، كەواتە ئەو گرووپەی كۆمەڵگە پێكدەهێنن پێویستە هاوشێوەی یەكتری بن تا بتوانن لە پێداویستی و خواستەكانی یەكتری تێبگەن و پێكەوە كۆمەڵگە بەرەو پێشـەوە بەرن، لێرەوە دەتوانین تێبینی ئەوە بكەین لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە دراوە هەموو مرۆڤەكان هاوشێوەی یەكدین و لە یەك سەرچاوەوە دروست بوون (نَفْسٍ وَاحِدَةٍ) قورئان زۆر بەجوانی لەزۆر شوێن و جێگەدا ڕوونی كردۆتەوە، كە بنەچەو بنەڕەتی مرۆڤەكان یەك شـتەو هەموویان لە خۆڵ دروسـت كراون، وەك لە سـورەتی (فاطر: ١١)دا دەفەرموێت: (وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا) واتە (خوا ئێوەی لە خاك دروست كردوە، لەوەودواش لە نوتفەیەك (كە بریتییە لە بەیەكگەیشـتنی سـەرەمێكوتەیەك لەگەڵ هێلكۆكەیەك) لەوەو دوا كردونی بە جووت (نێرو مێ)...) لە سورەتی (المؤمنون: ١٢- ١٤)شدا دەفەرموێت: (وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلإِنْسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ) واتە (سـوێند بەخوا بەڕاسـتی ئێمە ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەكی پێكهاتوو لە قوڕ بەدیهێناوە، لەوەودوا لە جێگەیەكی پارێزراو لە باردا (كە منداڵدانی دایكە) لە شـێوەی نوتفەیەكی زۆر بچووكدا دامان مەزراندوە) هەروەها لە سـورەتی (المرسـلات: ٢٠)دا دەفەرموێت: (أَلَمْ نَخْلُقْكُمْ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ) واتە (ئەوە بۆ سـەرنج نادەن، ئایا ئێوەمان لە ئاوێكی بێ نرخ دروسـت نەكردووە؟)، لە سورەتی (النساء: ١) شدا دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا

كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ ... ) واتە (ئەی خەڵکینە لە خەشم و ناڕەزایی پەروەردگارتان خۆ بپارێزن، کە ئێوەی لە تاکە نەفسێک دروست کردوە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدیهێناوەو لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوەو بڵاوکردۆتەوە...)، هەروەها لە سورەتی (الأعراف: ١٨٩)دا دەفەرموێت: (هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا) واتە (خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی لە یەک نەفس و یەک شت دروست کردووەو هەر لەویش جووتەکەی بەدیهێناوە بۆئەوەی ئارامی لەلا بگرێت)، وشەی (زوج) لەم دوو ئایەتەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان هەموویان لە یەک شت دروست کراون، قورئان هەرگیز ئاماژە بە ژن ناکات وەک ژنی پیاو بەڵکو وەک نیوەی پیاو کە هاوشێوەو یەکسانن و یەکتری تەواو دەکەن ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ پیاویش هەروەها، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە، کە پیاوو ژن یەکتری تەواو دەکەن و بێ یەکتری ناتوانن بژین و ئارامی بەدەست بهێنن، ئەمانە لە چەندین ئایەتی دیکەشدا ئاماژەی پێکراوە، کە باسی نێوان ژن و پیاو دەکات وەک سورەتی (البقرة: ٣٥، ١٠٢)دا دەفەرموێت: (وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ)(... فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ) واتە (ئینجا وتمان ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنە سەرو نیشتەجێبن) (شتانێک فێردەبوون کە ژن و مێردی پێ لەیەک جودا بکەنەوە) هەروەها کاتێک بە کۆ قسە دەکات وشەی (أزواج) بەکاردەهێنێت نەک (زوجات)، وەک لە سورەتی (التحريم: ١، ٣)دا دەفەرموێت (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ) (وَإِذۡ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعۡضِ أَزۡوَٰجِهِۦ) واتە (ئەی پێغەمبەر تۆ بۆچی شتێک لە خۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەڵاڵ کردویت، دەتەوێت بەوکارە هاوسەرەکانت ڕازی بکەیت؟) (کاتێک پێغەمبەر قسەیەکی نهێنی لای هەندێک لە خێزانەکانی درکاند). هەموو ئەم ئایەتانە ئاماژەن بۆئەوەی مرۆڤ لە بنچینەو دروستکردندا هەموویان لە یەک جۆرن و ژیان بە هەردوکیان نەبێت بەردەوام نابێت (لجنة من الباحثين، ٢٠١٧، ١٢- ١٥) (علا سوند، ٢٠١٧، ٢٢- ٢٣). جیا لەمانەش کاتێک باس لە ئەصڵی بەندایەتیکردن و ئەرکە شەرعییەکان دەکات بە (يَا أَيُّهَا النَّاسُ) یاخود بە (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) قسە دەکات، واتە گفتوگۆ لەگەڵ کۆی موسوڵماناندا دەکات (پاشکۆی ١ ناوی سورەت و ژمارەی ئەو ئایەتانە نیشان دەدات، کە بەو وشانە دەست پێدەکەن)، سەرجەمی زانایانیش کۆکن لەسەر ئەوەی هەر ئایەتێک لە قورئاندا هاتبێت و ئاماژە بۆ موسوڵمانان یان ئیمانداران بکات و پەیوەندی هەبێت بە بابەتەکانی وەک ئەرک و پاداشت، کاروکردەوەو مافەکان، ئینجا لەسەر شێوەی تاکی نێرینە یان کۆی نێرینە هاتبێت هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، مەگەر ئایەتێک یان نەصێکی دیکە ئەو بابەتە تایبەتمەند بکات، وەک هەندێک کاتی خواپەرستی یان ئەرکی دارایی و هی تر، واتە ئافرەتیش پێویستە ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجامبدات ، ئینجا پەیوەست بن بەکاری جەستەییەوە، وەک نوێژو ڕۆژو یان پەیوەست بن بە سامان و داراییەوە وەک زەکات، یان پەیوەست بن بە هەردوکیانەوە وەک حەج، لەم بابەتانەشدا هەندێک ئاسانکاری بۆ ئافرەتان کراوە تا بگونجێت لەگەڵ پێکهاتەی جەستەیی و دەرونیاندا، کە ئەمەش گەورەیی پێگەی ئافرەت لای خوای گەورە نیشان دەدات (الرباتي، ٢٠٠٩، ١٧ ـ ١١٤) (محمد، ٢٠١٠، ٢١- ٢٣). لەم باس و ئایەتانەی ئاماژەی پێکرا دەتوانین پێگەی مرۆڤایەتی ئافرەت لە قورئاندا هەڵبهێنجین و دڵنیابینەوە لەوەی ئافرەت ڕەگەزێکی گرنگی کۆمەڵگەیە. جیا لە مانەش دەتوانین لە ڕوانگەی تیۆرە کۆمەڵناسییەکانەوە شیکردنەوە بۆ چەند پێگەیەکی دیکەی ئافرەت بکەین، کە قورئان ئاماژەی پێداوە.

- **تیۆرەکانی شیکردنەوەی پێگەی ئافرەت لە قورئاندا:**

**یەکەم: تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (الدور الاجتماعي):** هەندێک لە زانایان وایدەبینن ئەم تیۆرە سەر بە قوتابخانەی بونیادی ئەرکییە، چونکە پێکهاتووە لەوەی خەڵکی سەرقاڵن بە پێگەیەکی تایبەت لە بونیادی کۆمەڵایەتی، هەر پێگەیەکیش پەیوەستە بە ڕۆڵێکی دیاریکراوەوە (كرمة و دمير، ٢٠١٤، ١٠٩)، کە مەبەست لێی ئەو چالاکییانەیە، کە تاکە کەس لە کۆمەڵگەدا لە ئەستۆیەتی، چالاکییەکانیش لە ڕێی ئەو گروپانەوە دیاریدەکرێت، کە ئەندامە تیایاندا، چونکە لە هەر گروپێکدا بە پێی شوێن و پێگەکەی ڕۆڵێکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە، بۆ نموونە کەسێک لە خێزاندا دایکە ئەرک و ڕۆڵی دایکایەتی لە ئەستۆیە، لە قوتابخانەدا مامۆستایە پێویستە ئەرکی مامۆستایەتی راپەڕێنێت (وسووقی و نیک خلق، ٢٠١٣: ٢٢٥- ٢٢٦).

(هانز کیرس)3 و (س.رایت. میلز)4 بە پێشەنگەکانی تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێن و بڕوایان وایە ڕۆڵ یەکەی بونیادی پێکهاتنی دامەزراوەکانەو سنوری جیاکەرەوەی نێوان تاک و کۆمەڵگەیە، ڕۆڵەکان لە تەواوی دامەزراوەو سیستەمەکانی کۆمەڵگەدا هەن و لەسەر بنەمای پێگەی کەسەکە لە دامەزراوەکەدا دادەنرێت و لەڕێگەیەوە تاک پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵگەوەو کۆمەڵگەش بە تاکەوە(حەسەن، ٢٠١٢: ٢٠٠- ٢٠٣).

---

3 هانز کیرس زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمریکییە لە ٢٤ نیسان ١٩٠٨ لە کاسل لەدایک بوەو لە ٢٩ کانونی یەکەمی ١٩٧٨ لە فرانکفورت کۆچی دوایی کردووە.

4 س. رایت. میلز زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمریکییە، لە ٢٨ ئاب ١٩١٦ لە تەکساس دایک بوەو مامۆستای زانستی کۆمەڵناسی بوە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، لە ٢٠ ئازاری ١٩٦٢ لە نیویۆرک کۆچی دوایی کردوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر بڕوانینە قورئانی پیرۆز لە ڕوانگەی ئەو ڕۆڵانەی ئافرەت دەیبینێت پێگەکانیشی دیاریکردوە، بۆ نموونە قورئان باس لە گەورەیی (دایک) دەکات و فەرمان دەکات کە بەباشترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، وەک لە سورەتی (لقمان: ١٤) دا دەفەرموێت (وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ ) واتە (ئێمە فەرمانمان داوە بە ئادەمیزاد بە چاک ڕەفتاری لەگەڵ دایک و باوکیدا، دایکی بە ئێش و ئازار و لاوازی و بێتاقەتییەکی زۆرەوە (بە پێستی سکی) هەڵیگرتووەو بڕینەوەشی (لە شیر خواردن) دوای دوو ساڵە، فەرمانمان پێدا ئەی ئینسان سوپاسگوزاری منیش و دایک و باوکیشت بە، دڵنیابە گەڕانەوەتان هەر بۆلای منە) هەروەها لە سورەتی (الأحقاف: ١٥)دا دەفەرموێت (وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا ۚ) واتە (ئێمە فەرمانمان بە ئادەمیزاد داوە چاکەکارو جاک رەفتار بێت لەگەڵ دایک و باوکیدا، دایکی بە ئازارەوە هەڵیگرتوەو بەدەم ئێش و ئازارەوە بوویەتی، سکپڕبوون و لەشیربڕینەوەشی سی دانە مانگی خایاندووە...) خوای گەورە بە باسکردنی سکپڕبوونی ژن دەیەوێت گەورەیی ژن وەک دایک نیشان بدات، کە پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی پیدەبەخشێت (الصلابي، ٢٠٢١، مقالة من انترنيت).

لەلایەکی دیکەشەوە قورئان ئاماژە بەوە دەدات پێشهاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە لەدایک بوونی منداڵی کچ بێزار دەبوون، زۆرجار منداڵە کچەکانیان بەزیندوویی زیندە بەچاڵ دەکردو دەیانکوشتن، وەک لە سورەتی (النحل: ٥٨- ٥٩)دا دەفەرموێت (وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (٥٨) يَتَوَارَىٰ مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ ۚ أَيُمْسِكُهُ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ ۗ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ) واتە (خۆئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکێک لەو نەفامانە ڕووی گرژو تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە، لە داخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە خۆی دەشارێتەوە لە خەڵکی و بە تەنها بیردەکاتەوە ئایا بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و سووکی و بێ نرخی یان زیندە بەچاڵی بکات، ئاگاداربن ئای کە چەندە خراپە ئەو بڕیارەی دەیدەن)، خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام: ١٤٠)دا بەتوندی ڕەخنەیان  لێدەگرێت کە منداڵە بێ تاوانەکانی خۆیان لەناو بردو بە خەسارەت مەند ناویان دەبات و دەفەرموێت (قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ قَتَلُوا أَوْلَادَهُمْ سَفَهًا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا مَا رَزَقَهُمُ اللَّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّوا وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ) واتە (بەڕاستی ئەوانەی منداڵەکانی خۆیان بە ناحەق و ناڕەواو نەزانی و نەفامی کوشت زەرەریان کرد ...) هەر ئەوەندەش نا بەڵکو لەناوبردنی کچان و نەدانی مافی ژیان پێیان ئەوەندە کارێکی بێزراوە، کە خوای گەورە ئاماژە بەوە دەکات یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆژی دوایی پرسیارکردنە لەو کچە بێتاوانانە، کە بە چ گوناهێک لەناوبرا، ئەوەتا لە سورەتی (التكوير: ٨-٩)دا دەفەرموێت (وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ (٨) بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ(٩) واتە (کاتێک کچی زیندە بەچاڵکراو پرسیاری لێدەکرێت، بە چ گوناهێک یان تاوانێک کوژرا) هەموو ئەمانە ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتنی قورئان لە ئافرەت وەک کچ و ئاگادارکردنەوەی پیاوەکانە کە پێویستە ڕێزیان لێبگرن، چونکە ئەوانیش مرۆڤن و پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە لای خوای گەورەو ڕۆڵی گرنگیشیان هەیە لە کۆمەڵگەدا، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو کەسەی منداڵ دەبەخشێت خوای گەورەیەو چۆنی بیەوێت بەوجۆرە پێتانی دەبەخشێت، وەک لە سورەتی (الشورى: ٤٩- ٥٠) دا دەفەرموێت (لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ (٤٩) أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ(٥٠) واتە (هەر بۆ خوایە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی بیەوێت دروستی دەکات، بە هەرکەس بیەوێت کچ دەبەخشێت و بە هەر کەس بیەوێت کوڕ دەبەخشێت، یان لە هەردوو جۆر بە هەندێک خێزان دەبەخشێت...).

لە باسی هاوسەرگیریشدا خوای گەورە جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤەکان بەسروشتی و لە بونیانەوە پێویستیان بەیەکترەو یەکتری تەواو دەکەن و هۆکاری ئارامی و ئاسودەیین و پێویستە بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، لە سورەتی (البقرة: ١٨٧)دا دەفەرموێت (هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ) واتە (... ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوەو ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان)، هەروەها لە سورەتی (الأعراف: ١٨٩)دا دەفەرموێت: (هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا) واتە (خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی لە یەک نەفس و یەک شت دروست کردووەو هەر لەویش جووتەکەی بەدیهێناوە بۆئەوەی ئارامی لەلا بگرێت) یان لە سورەتی (الروم: ٢١)دا دەفەرموێت (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً) واتە (یەکێک لە نیشانەو بەڵگەکانی دیکە ئەوەیە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردوون بۆئەوەی ئارام بگرن لەلایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەمهێناوە...)، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە پیاوان تا ئەوپەڕی توانا بەباشی مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا بکەن، چونکە لە هاوسەرگیریدا ئافرەت پەیمانێکی گەورەو گران لە پیاو وەردەگرێت، کە پیاو بۆی نییە بە سادەیی و هەست نەکردن بە لێپرسراوێتییەوە وەریبگرێت، وەک لە سورەتی (النساء: ١٩، ٢١) دا دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا ۖ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ...١٩) (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دروست نییە بۆتان بەزۆر ژنان بکەنە میراتی خۆتان و دەستیان بەسەردا بگرن، ناچاریان مەکەن هەندێک مارەییتان بۆ بگەڕێننەوە مەگەر ئەوان گوناهێکی ئاشکراو دیار ئەنجام بدەن،



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هاوژینیان بەجوانی لەگەڵدا بەرنە سەر...) (وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا ٢١) (جا چۆن دروستە مارەییان لێوەربگرنەوە لە کاتێکدا ئێوە چونەتە لای یەکترو ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورەو گرنگیان لێوەرگرتوون) تەنانەت لە کاتی جیابونەوەشدا پێویستە بە باشی لێکجیاببنەوە، وەک لە سورەتی (البقرة: ٢٢٩)دا دەفەرموێت (الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ ۖ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ ۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا...) واتە (تەڵاقێک کە پیاو بتوانێت هاوسەرەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی دوو جارە، ئیتر یان بە باشی لەگەڵیدا بمێنێتەوە یان بە چاکی و ڕێکوپێکی دەستبەرداری ببێت، بۆتان نییە هیچ شتێکیان لێبستێننەوە لە مارەیی و ئەو شتانەی پێتان بەخشیون...) (کرکر، د.ت، ١١٩) (محمد، ٢٠١٠، ٢٧). هەموو ئەم ئایەتانە لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی ئافرەت نیشان دەدات، لە هەمان کاتدا پێگەیەکی بەهایی و گەورە بە ئافرەت دەبەخشێت و پێمان دەڵێت، کە ئافرەتان هۆکاری ئارامی و ئاسودەیین و پێویستە بە جوانترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

**دووەم: تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی (التبادل الاجتماعي):** ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی و کارلێکی نێوان تاکەکانەوە دروست دەبێت، لەبەرئەوە زانایانی ئەم تیۆرە بڕوایان وایە ژیانی کۆمەڵایەتی و پرۆسەو دیاردەو ڕووداوەکان بریتین لە تۆڕێکی ئاڵۆزی پێکەوە بەستراوی کارلێککردن و پەیوەندی نێوان ئەو تاک و کۆمەڵەو گروپانەی، کە کۆمەڵگەیان پێکهێناوە، لەبەرئەوە بە ڕوانین بۆ کارلێکی نێوان تاکەکان دەتوانین بەشێوەیەکی دروست لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیما ڕاستەقینەکانی تێبگەین (حەسەن، ٢٠١٢، ٧٨). (جۆرج سی. هومانز[5] کە یەکێکە لە زانایانی ئەم تیۆرە باس لە چوار چەمکی سەرەکی دەکات، کە هۆکارە بۆ پتەوبوونی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانیش (چالاکبوون و هاوسۆز بوون و ئاڵوگۆڕو پێوەری دروستی هاوکاری)، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات هەتا کارلێکی نێوان تاکەکان بەهێزتر بێت ئەندامانی گروپەکە زیاتر لە بیروڕاو هەست و بۆچوونی یەکتری تێدەگەن و ئەو پێگەیەی بە تاکەکانیش دەبەخشرێت دەگونجێت لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گروپەکەدا (كاظم و آخرون، ٢٠٠٨، ٦٩). کەواتە لەم ڕوانگەیەوە پێگەی کۆمەڵایەتی ڕەوشێکی کۆمەڵایەتییە، کە نیشاندەری شوێنی کەسێکە لە بەرامبەر کەسانی دیکە لە کۆمەڵەکەیدا، یاخود بارودۆخێکی کۆمەڵایەتییە، کە تاک لە گروپ یان لە کۆمەڵگەدا بەدەستی دەهێنێت، واتە ئەو شوێنەیە، کە هەرکەسێک لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا داگیری دەکات (ملا، ٢٠١٥، ٨) ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە پێگەی ژن لە قورئانی پیرۆزدا دەبینین خوای گەورە باس لە هاوکاری نێوان موسوڵمانان دەکات بێ جیاوازی، ئەمەش دەرخەری پیگەی ژنە لە قورئاندا، کە ئافرەتی بە بەشێک لە کۆمەڵگە داناوەو پێویستە لەگەڵ پیاودا هاوکاری یەکتربن بۆ بەرەوپێشبردن و سوود گەیاندن بە کۆمەڵگە، بە جوانترین شێوە باسی ئەو هاوکاری و تەواوکارییە دەکات و دەفەرموێت (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (التوبة: ٧١) واتە (ئیمانداران لە پیاوان و ئافرەتان هەندێکیان خۆشەویست و پشتگیرو هاوکاری یەکترن و فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغە لە خراپە دەکەن و نوێژەکان بە چاکی ئەنجام دەدەن ...) لێرەدا بەڕوونی خوای گەورە ئاماژە بەوە دەدات پیاوان ژنان پێکەوە دەتوانن بەرەنگاری خراپە و خراپەکاری ببنەوە، ئەمەش چەسپاندنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا دەسەلمێنێت، لە سورەتی (الممتحنة: ١٢)دا خوای گەورە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰ أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا ... فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ ۖ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) واتە (ئەی پێغەمبەر کاتێک ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆ لات و پەیمانیان پێدایت، کە هیچ جۆرە هاوەڵێک بۆ خودا بڕیار نەدەن و ... ئەوە تۆ پەیمانیان لەگەڵ ببەستەو لای خوا داوای لێخۆشبونیان بۆ بکە) ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ژنانیش دەتوانن بەو گروپ و کۆمەڵانەی لە کۆمەڵگەدا کاردەکەن، دیارە هەر کەسێکیش بوو بە ئەندامی کۆمەڵەیەک پێویستە هاوکاری ئەو کۆمەڵە بێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا. لە سورەتی (آل عمران: ١١٠)دا دەفەرموێت (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ...) واتە (بەڕاستی ئێوە چاکترین ئوممەتێکن، کە بۆ سوودی خەڵکی هێنراونەتەوە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراو بە خودا دەهێنن ...) لێرەشدا باس لە موسوڵمانان بە گشتی دەکات و ئافرەتانیش بەشێکن لە گروپی موسوڵمانان، چونکە خوای گەورە بە کۆ قسە دەکات و زانایانیش کۆکن لەسەر ئەوەی هەرکاتێک بە تاک یان کۆی نێر بابەتێک لە قورئاندا باسکرا مەبەست هەردوو ڕەگەزی نێرو مێیە(الرباتي، ٢٠٠٩، ١١٦- ١١٩)، بەهەمان ئەم شێوازە لە چەندین ئایەتی دیکەدا ئاماژە بۆ هاوکاری نێوان موسوڵمانان دەکات، بۆ نموونە لە ئایەتی (٢) سورەتی (المائدة)دا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ... وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۖ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ..... یارمەتی و کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر چاکەو خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر گوناه و دەستدرێژی...) دەبینین ئایەتەکە بە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ

5 جۆرج کاسبر هومانز زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمریکییە، لە ١١ ئاب ١٩١٠ لەدایک بوەو لە ٢٩ ئایار ١٩٨٩ مردووە، ئەم زانایە بە دامەزرینەری کۆمەڵناسی ڕەفتاری و تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

آمَنُوا) دەست پێدەكات، كە ئەمەش مەبەست لێی هەموو موسوڵمانانە، لەلایەكی دیكەوە داوا دەكات تەنیا لە كاری چاكەدا هاوكارو پشتوانی یەكتری بن، كە ئەمەش گرنگیدانە بە كۆبونەوە لەسەر كاری باش بۆ پێشخستنی كۆمەڵگە.

**باسی دووەم: دەرئەنجامەكان و پێشنیارو ڕاسپاردەكان**

**یەكەم: دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە**

١. كێشەكانی پەیوەست بە ژنان لە ئێستادا بوونەتە كێشە گەلێكی جیهانی و لە هەموو ڕویەكەوە باسدەكرێت.

٢. لە سەدەكانی پێشوو شارستانییەتییە دێرینەكانی مێژوودا ژن وەك كۆیلە مامەڵەی لەگەڵ كراوەو هیچ گرنگی پێنەدراوەو پێویست بووە هەمیسە ملكەچ و ژێر دەستەی پیاو بێت.

٣. پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە نیوە دورگەی عەرەب ژیانی ژنان زۆر خراپ بوەو هیچ ماف و ڕێزێكیان نەبووە.

٤. بە هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام شكۆو ڕێزداری بۆ ژنان گەڕایەوەو قورئان وەك یەكەم سەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە تەواوی و بەجوانی وردەكارییەكانی پێگەی ئافرەت و ماف و ئەركەكانی نیسان دەدات.

٥. پێگەی ئافرەت لە قورئاندا هاوتای پێگەی پیاوەو هەر ماف و ئەرك و بەرپرسیارێتییەك بە پیاو بدرێت دەتوانێت ژنیش وەریبگرێت بەو مەرجەی لەگەڵ توانا و لێهاتووییەكانیدا بگونجێت.

**دووەم: پێشنیارو ڕاسپاردەكان**

**پێشنیارەكان:**

١. ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی مافە (كۆمەڵایەتی، ئابورییەكانی) ئافرەت لە قورئاندا.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی پێگەی كۆمەڵایەتی ئافرەت لە فەرمودەكانی پێغەمبەردا ($).

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردكاری دەربارەی پێگەی ئافرەت لە نێوان ئاینەكاندا.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوە بەراوردكاری لەسەر پێگەی (كۆمەڵایەتی، سیاسی) ژنان لە واقیعی ئێستای كۆمەڵگەدا.

**ڕاسپاردەكان:**

١. گرنگ و پێویستە مامۆستایانی ئاینی پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا لە ڕوانگەی قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەرەوە ($)باس بكەن، بۆئەوەی كۆمەڵگە بەگشتی و ئافرەتان بە تایبەتی دڵنیابنەوە لە گەورەیی پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا.

٢. زۆر گرنگە مامۆستایانی ئاینی خەڵكی هۆشیار بكەنەوە دەربارەی مافەكانی ئافرەت لە قورئاندا تا بەناوی دینەوە غەدر لە ئافرەتان نەكرێت.

٣. بتوانرێت لەڕێگەی ڕاگەیاندنەكانەوە بەتایبەتی سۆشیاڵ میدیا، باس لە گەورەیی و ڕێزو شكۆی ئافرەت بكرێت لە قورئاندا، بەمەبەستی هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە.

٤. ژنان خۆیان هەوڵ بدەن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریان و سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی وەریدەگرێت بۆ خزمەتكردن بە كۆمەڵگە، لە پێناو چەسپاندنی پێگەو بەهای خۆی لە كۆمەڵگەدا.

**سەرچاوەكان**


قورئانی پیرۆز...

١. ئەحمەد، د.كەریم (٢٠١٥): هەندێك لە نهێنییەكانی قورئان و ڕەخنەی ناحەزانی ئیسلام، كۆنگرەی بەرگری لە قورئان، توێژینەوەكان- بەشی سێیەم، لە بڵاوكراوەكانی پەیمانگای جیهانی فكری ئیسلامی و سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فكری، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٢. ئەزغلول، عماد عبدالرحیم (٢٠١٢): بنەما سەرەكییەكانی سایكۆلۆژیای پەروەردەیی، وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣. ئۆكێن، سۆزان مۆلێر (٢٠٠٨): ژن لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا، وەرگێڕانی بۆ فارسی: نوری زادە، وەرگێڕانی بۆ كوردی: ڕەسول سوڵتانی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٤. الأثري، أبو إسحاق الحويني (١٤١٦هـ): فضائل القرآن، مكتبة ابن تيمية، القاهرة.

٥. بورهان محمد ئەمین، تەفسیری ئاسان بۆ شیكردنەوەی قورئان، چاپی نۆزدەیەم.

٦. تەیفور، ژیلا. ف (٢٠٠٠): مافی ژن لە كۆمەڵی كوردەواریدا، چاپی یەكەم، سوئید.

٧. حەسەن، د.ئیحسان محەمەد (٢٠١٢): تیۆرە كۆمەڵایەتییە پێشكەوتووەكان، وەرگێڕانی: دیدار ئەبوزێد، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨. خۆشناو، ئەبوبەکر (٢٠٠٣): میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٩. الرباتي، إبراهيم طاهر معروف (٢٠٠٩): ئافرەت لە مێژوودا، چاپی دووەم، بەیروت، لبنان.
١٠. سەعدون، د.کاوە فەرەج (٢٠١٥): ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتداو ڕەواندنەوەی چەند گومانێک، کونگرەی بەرگری لە قورئان، توێژینەوەکان، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانی فکری ئیسلامی و سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
١١. سورچی، د.جەمیل عەلی رسول (٢٠١٣): سرووش، سروشت و جۆرەکانی و بەرپەرچدانەوەی ئەو گومانانەی دەربارەی وروژێنراون، کۆنگرەی بەرگری لە قورئان، توێژینەوەکان- بەشی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانی فکری ئیسلامی و سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
١٢. عليان، ربحي مصطفى و غنيم، عثمان محمد (٢٠٠٤): اساليب البحث العلمي الاسس النظرية و التطبيق العلمي، الطبعة الأولى، دار الصفاء، عمان.
١٣. علاسوند، فريبا (٢٠١٧): المرأة في الإسلام، ترجمة: أحمد الموسوي، عباس جواد، مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي، الطبعة الأولى، بيروت.
١٤. قادر، سەرۆ (٢٠٠٩): ئافرەت کێشەیەک بەدرێژایی مێژوو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٥. قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٦): سەرەتایەک دەربارەی فێمینیزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١٨، ١٩، سلێمانی.
١٦. كركر، عصمت الدين (د. ت): المرأة من خلال آيات القرآنية، نشر الشركة التونسية للتوزيع.
١٧. كرمة، صفاء طارق حبيب و دميرة، نورجان عادل محمود (٢٠١٤): قوة الذكاء الاجتماعي في تفعيل المسئولية الاجتماعية و مفهوم الذات الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.
١٨. كاظم، سميرة عبد الحسين وآخرون (٢٠٠٨): المكانة الاجتماعية لطفل الروضة بين أقرانه و علاقتها ببعض المتغيرات في مدينة بغداد، مجلة البحوث التربوية والنفسية، العدد ١٩، جامعة بغداد مركز البحوث التربوية و النفسية.
١٩. گولەن، محمد فەتحوڵلا (٢٠٢٠): هەرێمی زێڕینی قورئان، وەرگێرانی: دەستەی وەرگێرانی دەزگای چاپ و پەخشی کانی عیرفان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی کانی عیرفان، چاپی یەکەم.
٢٠. لجنة من الباحثين (٢٠١٧): المرأة في المنظور الإسلامي... بعض القضايا، هيئة من كبار علماء الأزهر الشريف، طبعة جديدة منقحة.
٢١. محمود، مصطفی (٢٠١٩): قورئان بونەوەرێکی زیندووە، وەرگێرانی: محمد محمد حمه میرزا، ناوەندی ڕێنوێن بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم.
٢٢. المسعودي والخضيري (١٩٩٢): الأسس العلمية للكتابة رسائل الماجستير والدكتوراه، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
٢٣. مەجید، ڤیان (٢٠٠٧): ژن – تاک – سیاسەت، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی.
٢٤. محمد، دکتۆر علی جمعة (٢٠٠٩): ئافرەت لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، وەرگێرانی: امجد محمد زاهد شێخ محمد، التفسير بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢٥. نەبراوی، خەدیجە (٢٠١٥): ئافرەت لە ئیسلامدا (سەربەستی یان کۆیلەیەتی)، وەرگێرانی: هێمن قادر شاسواری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارستان، سلێمانی.
٢٦. نوورسی، سەعید (٢٠١٦): موعجیزاتی قورئانی، وەرگێرانی: فاروق رسول یەحیا، چاپی دووەم، بەیروت.
٢٧. ـــــــــ (٢٠١٣)، دور المرأة في المجتمع المعرفة، سلسة دراسات يصدرها مركز الدراسات الاستراتيجية، الاصدار الخامس والخمسون، جامعة الملك عبدالعزيز.
٢٨. الخاطر، دكتور نادر (٢٠١٩): المرأة و حقوقها في الإسلام (دراسة تجربية بين المرأة و الرجل في المملكة العربية السعودية)، مجلة العربية للنشر العلمي، العدد السابع.
٢٩. ماكارى، خالد عبدالسلام محمد (٢٠١٦): مكانة المرأة في الإسلام و دورها في نشر السنة، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الدراسات الاسلامية، جامعة مولانا مالك إبراهيم الإسلامية الحكومية مالانج.
٣٠. ملا، فاطمە مراد (٢٠١٥) گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە لە خێزانی کوردیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
٣١. موحسنی، دکتۆر مەنوچێهر (٢٠٠٢): دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣١. وسووقی، مەنسوور و نیک خولق، عەلی ئەکبەر (٢٠١٣): بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: سیروان محمد حاجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
٣٢. الطلابي، علي (٢٠٢١): مكانة المرأة و أهميتها في الدولة المسلمة الحديثة، مقالة من انترنيت من موقع، https://www.aljazeera.net/blogs/2021/5/5/%D9%85%D9%83%D8%A7%D9%86%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B1%D8%A3%D8%A9-%D9%88%D8%A3%D9%87%D9%85%D9%8A%D8%AA%D9%87%D8%A7-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9 ڕێکەوتی سەردان ٢٤/ ١٠/ ٢٠٢٣، کاتژمێر ٧:٣٠ بەیانی.

**پاشکۆی (١)**

ناوی سورەت و ژمارەی ئەو ئایەتانەی بە(يَا أَيُّهَا النَّاسُ) یاخود بە (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) دەست پێدەکەن

| ناوی سورەت | يَا أَيُّهَا النَّاسُ | يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا |
|---|---|---|
| البقرة | ٢ ئایەت (٢١، ١٦٨) | ١١ ئايەت (١٠٤، ١٥٣، ١٧٢، ١٧٨، ١٨٣، ٢٠٨، ٢٥٤، ٢٦٤، ٢٦٧، ٢٧٨، ٢٨٢) |
| آل عمران | | ٧ ئایەت (١٠٠، ١٠٢، ١١٨، ١٣٠، ١٤٩، ١٥٦، ٢٠٠) |
| النساء | ٣ ئایەت (١، ١٧٠، ١٧٤) | ٩ ئایەت (١٩، ٢٩، ٤٣، ٥٩، ٧١، ٩٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٤) |
| المائدة | | ١٦ ئایەت (١، ٢، ٦، ٨، ١١، ٣٥، ٥١، ٥٤، ٥٧، ٨٧، ٩٠، ٩٤، ٩٥، ١٠١، ١٠٥، ١٠٦) |
| الأعراف | ١ ئایەت (١٥٨) | |
| الأنفال | | ٦ ئایەت (١٥، ٢٠، ٢٤، ٢٧، ٢٩، ٤٥) |
| التوبة | | ٦ ئایەت (٢٣، ٢٨، ٣٤، ٣٨، ١١٩، ١٢٣) |
| يونس | ٤ ئایەت (٢٣، ٥٧، ١٠٤، ١٠٨) | |
| الحج | ٤ ئایەت (١، ٥، ٤٩، ٧٣) | ١ ئایەت (٧٧) |
| النور | | ٣ ئایەت (٢١، ٢٧، ٥٨) |
| النمل | ١ ئایەت (١٦) | |
| لقمان | ١ ئایەت (٣٣) | |
| الأحزاب | | ٦ ئایەت (٩، ٤١، ٤٩، ٥٣، ٦٩، ٧٠) |
| فاطر | ٣ ئایەت (٣، ٥، ١٥) | |
| محمد | | ٢ ئایەت (٧، ٣٣) |
| الحجرات | ١ ئایەت (١٣) | ٥ ئایەت (١، ٢، ٦، ١١، ١٢) |
| الحديد | | ١ ئایەت (٢٨) |
| المجادلة | | ٣ ئایەت (٩، ١١، ١٢) |
| الحشر | | ١ ئایەت (١٨) |
| الممتحنة | | ٣ ئایەت (١، ١٠، ١٣) |
| الصف | | ٣ ئایەت (٢، ١٠، ١٤) |
| الجمعة | | ١ ئایەت (٩) |
| المنافقون | | ١ ئایەت (٩) |
| التغابن | | ١ ئایەت (١٤) |
| التحريم | | ٢ ئایەت (٦، ٨) |
| کۆی گشتی | ٢٠ ئایەت | ٨٨ ئایەت |